# ڕێنوێنییەکی چارەنووسساز
# بۆ لاوانی خۆشەویست



د. عمر عبدالعزيز

(۲۰۲۰ز)

# ڕێنوێنییەکی چارەنووسساز بۆ لاوان

د. عومەر عەبدولعەزیز

## به ناوی خوای میهرەبانی بەخشندە

## پێشەکی

لاوی خوێنەری خۆشەویست!

تەنها دە خولەك لە کاتت بدە بە خوێندنەوەی ئەم ڕێنوێنییە دڵسۆزانەیە. ئەگەر سوودت لێ وەرگرت، من مەمنونم. پاش خۆیشت بیدە بە هاوڕێیەکی تری خۆت‌و داوای لێ بکە ئەویش بیداتە هاوڕێیەکی خۆی، تا دەست بە دەست، بگاتە زۆرترین لاوانی دۆست‌و هاوڕێتان.

دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، دڵنیا دەبیتەوە جگە لە دڵسۆزیی، هیچ مەبەستێکی تر لە دوای نووسین‌و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەوە نیە. ئاخر ئێمەی مرۆڤ یەك یەکەی کۆمەڵایەتین‌و هەموومان

مافمان بەسەر یەکەوە هەیەو مرۆڤدۆستیی ئەو ئەرکەمان بەسەردا دەدات.

بابەتەکە چارەنووسسازە، پەیوەندیی بە ئێستەو داهاتووی خۆتەوە هەیە، چونکە دەروازەیەکە بۆ جیهانبینییو تێڕوانینت بۆ خۆتو بوونەوەرو دەوروبەرتو دیاریکردنی ئەرکەکانت.

دڵسۆزتان: د. **عومەر عەبدولعەزیز**،

سلێمانی، سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠ز)

# ڕێنوێنییەکی چارەنووسساز بۆ لاوان

براو خوشکی لاوی خۆشەویستم!

ئایا هەرگیز ئەم پرسیارە نەمرانەت لە خۆت کردوون؟ هەرگیز لە خۆتت پرسیوە: ئێمە چۆن هاتینە سەر زەوی؟ بۆچی هاتین؟ ئەرکمان چیە؟ کێ هێناینی؟ چۆن ژیان بەسەر بەرین؟ دواجار بۆ کوێو بۆ لای کێ دەگەڕێینەوە؟ سەرەنجام چیمان لێبەسەردێت؟

ئاخر تۆی بەڕێز خاوەن ئاوەزو هزرو هۆشی، ئەگەر لە خۆتت نەپرسیوە، دەبێ بپرسی، چونکە مرۆڤ ـ بە پێی پێکهاتە جەستەیی‌و دەروونیی‌و هزریی‌و ئاوەزییەکەی ـ دیارە تەنها بۆ خەوو خواردن‌و ڕابواردن

دروست نەکراوەو لەم بوونەوەرەدا ئەرکێکی تری هەیە، تەنانەت بە باڵایدا دیارە کە بۆ مشەخۆریی‌و دەم‌و لووت ماشین بە زەویدا نەهاتووە، ئەوە کاری ئاژەڵ‌و گیاندارانی ترە، بۆیە ئەوان سەرو دەم‌و لمۆزو دەندووکیان لە لەوەڕو زەوییەوە نزیکە..! ئەی نابێت مرۆڤی خاوەن هەستی خاوەن ئاوەز، جیا ببێتەوە لە دروستکراوانی ترو بیر لەم جیاوازییەی خۆی بکاتەوە؟

## وەڵامی پرسیارە نەمرەکان:

جا ئەگەر بمانەوێت مرۆڤانە بژین، ئەوە بە کورتیی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کردمانن، ئەمانەن:

جێی گومان نیە کە منو تۆو هەموو مرۆڤایەتیی‌و هەموو بوونەوەر، خوای کردگار دروستی کردووین‌و هیچ کەس دەستی نەبووە لە بەدیهێنانی ئێمەدا، بە شێوەیەك کە لە پەیامە نەمرەکەی قورئاندا باسی کردووە.

بە پێی ڕوونکردنەوەکانی خۆی، بۆ ئەوەش دروستی کردووین دوو ئەرك بەجێ بهێنین، کە دیاریکردنی ئەرکیش بۆمان تەنها مافی ئەوە، چونکە هەر ئەو بەدیهێنەرمان بووە:

**یەکەم**: بە پێی ڕێنموویی بەرنامە نەمرەکەی، خۆمان پەروەردە بکەین‌و گەشە بە توانایی‌و لێهاتنە خۆڕسکییە خوداداییەکانمان بدەین، چونکە مرۆڤ

کۆگایەکە لە هەوێن‌و توخمەکانی بەهرەو لێهاتنی حەشاردراو.

**دووەم:** بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێی ئەو بەهرەو لێهاتنانەوە، بە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی هەستین‌و ماددەو کەرەستە خاوەکانی سەرزەوی‌و ژێرزەوی بخەینە گەڕو بەبەرهەمیان بێنین.

ئەم دوو ئەرکەش ڕاشکاوانە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ مرۆڤ دیاریی کراون‌و بە هەردووکیانەوە یەکسان دەبن بە ئەرکی (بەندایەتیی بۆ خوا). کەواتە دینداریی‌و خواناسیی هەم بۆ دونیایە، هەم بۆ دواڕۆژ، لە دونیادا مرۆڤ بە بەختەوەریی‌و سەربەرزیی دەژی، چونکە خاوەن‌و پارێزەری هەیەو گەردن بۆ

غەیری خوای بەدیهێنەری خۆی کەچ ناکات، لە دوارۆژیشدا جێگای بەهەشتو ڕەزامەندیی خوایە، چونکە بڕیاری خۆی وایە کە پاداشتی بداتەوە.

کەواتە ئێمە خاوەنمان هەیە، خوای بەدیهێنەری مرۆڤ و بونەوەر، ئێمەی هێناوە، ڕێبازی ژیانیشی بۆ داناوین، ئەرکمان ئاوەدانکردنەوەی زەوییە، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، بۆ بەسەربردنی ژیانی هەتاهەتاییو بەختەوەریی نەبڕاوە.

جا خوشکو برای لاوم! ڕەنگە هەر کامتان بپرسن: چۆن خۆم پەروەردە بکەمو چۆن گەشە بە بەهرەو توانایيو لێهاتنەکانم بدەم؟

بەڕێزەکەم! خوای ئێمە بە ڕەحمو میهرەبانە، ئەرکیشی بەسەردا داوینو چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەرکەکەشی بۆ ڕوون کردووینەتەوەو ڕێکارو نەخشەڕێی بۆ داناوین.

**بازنەکانی پەیوەندییەکانمان:**

ئێمە بە حوکمی ژیانمانو ئەو جیاوازییەی لەگەڵ بەدیهێنراوانی تردا هەمانە، سەروکارمان لەگەڵ چوار بازنەی پەیوەندیی هەیە:

**یەکەم**/نێوان خۆمانو ئەو خوایەی دروستی کردووین.

**دووەم**/ نێوان خۆمانو ناخو دەروونی خۆمان.

**سێیەم**/ نێوان خۆمانو هاوڕەگەزەکانمان (مرۆڤەکان).

**چوارەم**/ نێوان خۆمانو نیعمەتەکانی خوا لە دەورمان.

به خوێندنەوەیەکی وردیی مرۆڤ و دەوروبەری، بە کورتیی ئەو چوار ئەرکەمان هەیەو هەموو بزاوتن‌و جووڵەکانمان لەو چوار بازنەیەدا دەسووڕێنەوە. هەر خوا خۆیشی چۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ هەر چوار لایەنەکە دیاری کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١ـ بۆ نێوان خۆمان و خوای گەورە:**

داوای لێ کردوین سەربەرزانە بژین‌و هەر ئەو بپەرستین‌و سەر بۆ هیچ شتێك‌و هیچ کەس نەوی نەکەین، لە تەنگانەدا تەنها هاوار لەو بکەین. ئەمەش بەلای کەم بە (ئەنجامدانی پێنج فەرزی نوێژ) لە شەوو ڕۆژدا تەحقیق دەبێت، چونکە نوێژەکان وەك وێستگەی بیرخستنەوە وان. دیارە

ساڵی جارێك مانگی ڕەمەزانیش هەیە بۆ بەڕۆژوو بوون، کە زیاتر لە خوامان نزیك دەکاتەوەو بۆ تەندروستیی خۆشمان باشە. ئەگەر داراییەکی زیاد لە پێویستیی خۆشمان هەبوو، زەکاتیشی لەسەر داناوین، تا بە بەخشین بە هەژاران، دەروونیش‌و سامانیشمان پاك بکاتەوە، دەروونمان لە دەردی چروکیی‌و ڕژدیی، سامانیشمان لە تێکەڵەی حەرام‌و تێکەوتەی ناپاك‌و ناڕەوا. ئەگەر خوا توانای دارایی‌و جەستەییشی پێداین، لە تەمەنیشدا حەجێکیشمان لەسەرە، تا بچینەوە ناو بیرەوەرییەکانی سەردەمی دابەزینی قورئان‌و هاتنی هیدایەتی خوایی‌و لێبڕانی بێ وێنەی پێغەمبەری ئیسلام‌و هاوەڵانی پێشووی.

## ٢ـ بۆ نێوان خۆمان و ناخی خۆمان:

لەو لایەنەوە خوای خاوەنمان داوای لێکردووین کە بەهرەو لێهاتنە دەروونییەکانمان گەشە پێبدەین‌و بە خامیی‌و کاڵ‌و کرچیی نەیانهێڵینەوە، ئەوە مانای (تزکیە)ی نەفسە کە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر گرنگیی پیٚ دراوە.

## ٣ـ بۆ نێوان خۆمان‌و کەسانی تر لە مرۆڤەکان:

دیارە پەیوەندیمان لە ناو خێزانەوە دەست پیٚ دەکات: ئەگەر دایك‌و باوکمان هەبێت، دەبیٚ قەرەبووی ئەو زەحمەت‌و ماندووبوونەیان بکەینەوە کە لەگەڵیان کێشاوین. بە تایبەتی (دایك) کە زیاتر لەگەڵمان ماندوو بووە. لە کاتی نەدارییدا ئاگامان

لێیان بێت، له ناساغیدا بەدەمیانەوە بین، هەرگیز لەگەڵیان ئاخو ئۆف نەڵێین، ڕێزیان لێبگرین، له پیریدا زیاتر ئاگامان لێیان بێت.

پاش ئەوان هاوسەرانی ژیانمان: دەبێت لەگەڵیان به ڕەوشتو میهرەبان بین، مافەکانیان دابین بکەین، خۆشەویستییان بۆ دەربڕین. لەگەڵ منداڵانیشمان: دەبێت پەروەردەیان بکەین، ڕێی هیدایەتیان پێ نیشان بدەین، خەرجییان دابین بکەین، سۆزو خۆشەویستیی لەناویاندا بڵاو بکەینەوە، جیاوازیی نەخەین له نێوانیاندا.

لەگەڵ خزمانو نزیکان: خوا فەرمانی پێ داوین که سەردانیان بکەین، ئاگامان له یەکتر بێت، له

خێرو چاکەکردندا لەبیریان نەکەین، لەم تێگەیشتنە جوانەی بۆ دونیاو ژیان هەمانە، بێبەشیان نەکەین.

لەگەڵ هاوزمانو هاوڕەگەزانی تر بە گشتی: ڕاسپێردراوین کە ڕەوشتیی جوان، لەسەرخۆیی، میهرەبانیی، بەدەمەوەبوون، پیشەمان بێت. فەرمانمان پێدراوە کە مرۆڤدۆست بین، پەیامی ڕزگاربوونیان لە کۆیلایەتیی پێ بگەیەنینو ئاشنایان بکەین بە نامەی هیدایەتی خوایی. دیارە هاوئاینەکانمان حەقی تایبەتیان هەیە، چونکە لە ئایندا براو خوشکمانن، دەبێت زیاتر ئاگامان لەیەکتر بێت، دوعای خێریان بۆ بکەین، لەپاشملە بە خراپ

ناوی کەس نەبەین، لە تەنگانەدا خەمخۆرو پشتیوانی یەکتر بین.

**٤ ـ بۆ نێوان خۆمان‌و بەهرەو نیعمەتەکانی خوا:**

ئیسلام بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئێمەو ئەو نیعمەتانەش بەرنامەی داناوە: دەبێت بزانین هەرچی نیعمەتی سەرزەویی هەیە بۆ خزمەتی ئێمە دروست کراون، بۆیە دەبێت هەرکەس بە پێی توانا ئەو نیعەمەتانە بێنێتە بەرهەم، ئەوانەیان جێی سوودن، لێیان سوودمەند بێت، لەسەر زەوییەوە بگرە تا ژێر زەوی، تەنانەت خوا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی کردووە ئەگەر تواناتان هەیە بچن کون‌و کەلەبەرەکانی ئاسمانەکانیش بپشکنن.

واتە دەبێت ئێمە بەتاڵ نەبین، ئیش بکەین، لە هەر بوارێکدا کەلێمان دێت، وزەمان بخەینە کار، کۆشش بکەین تا سامان بەدەست بێنین، مادده خاوەکانی بوونەوەر بخەینە گەڕ.

هەر لەو لایەنەوە ئەبێت (ژینگە)مان بپارێزین، خزمەتی وڵاتو نیشتمانمان بکەین، ڕێز لە زەویو زارو کشتوکاڵو شارو گوندو دەستکەوتەکانمان بگرین، نابێت خۆمان بە نابەرپرس بزانین بەرامبەر کۆمەڵگەو وڵاتمان، دەبێت ئاوو هەواو خاکی ژینگەمان خاوێن ڕابگرین.

بۆیە خوا فەرمانی پێ کردووین، بگەڕێین، سەیران بکەین، سەیری دەرودەشتو شاخو کێوو دەریاو

ڕووبارەکان بکەین، بۆ ئەوەی نیشانەکانی گەورەیی خوا ببینین‌و بەهرەکانیش بدۆزینەوە.

**بابەتە قەدەغەکراوەکان:**

جا لاوچاکی بەڕێزم!

لە پاڵ ئەم فەرمانانەدا خوای گەورە قەدەغەی هەندێك شتی لێ کردووین، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی بە کامەرانیی بژین، یانی قەدەغەکراوەکانیش بە سوودی خۆمانن، بۆ نموونە:

١ـ داوای لێ کردووین هەر خۆی بە فەریادڕەس‌و فەرمانڕەوا بزانین، بۆیە ئەبێ هەر بەرنامەی ئەومان قبوڵ بێت‌و قەدەغەی لێ کردووین شوێن ڕێبازی کەسانی تر بکەوین، مەگەر لە لایەنێکەوە کە

بگونجێت لەگەڵ بەرنامەکەی ئەو، یان ڕێی لێگرتووین کە پەنا بۆ کەسی تر بەرینو هاواری لێ بکەین، چونکە ئێمە دروسکراوی ئەوین.

٢ـ بۆ ئەوەی عەقڵو لاشەو گیانمان سەلامەتو بێ وەی بێت: قەدەغەی کردووین کە مەیو مەشروب بخۆینەوە، یان مادەی هۆشبەر بەکاربێنین، چونکە عەقڵو ئاوەزی مرۆڤ دەبەنو دەیبەنە ڕیزی ئاژەڵو دروستکراوی تر، کە ئەوە شایستەی مرۆڤ نیە.

٣ـ بۆ ئەوەی ڕەوشتمان پارێزراو بێو مافی کەسیشمان نەخواردبێت، قەدەغەی کردووین داوێنپیسیی بکەینو دەستمان درێژ بکەین بۆ سەر ناموسی کەس. بۆ ڕاهێنان لەسەر ڕەوشتبەرزیش

لەو بوارەدا پێشەکیی‌و زەمینەسازیی ئەو کارانەشی حەرام کردووە، وەك: ڕوانین‌و نەزەری حەرام بۆ نامەحرەم‌و بابەتی وروژێنەر، یان تێکەڵبوون لەگەڵ نامەحرەم، یان گوێگرتن لە بابەتی ناڕەواو حەرام‌و وروژێنەرو.. هتد.

٤ـ بۆ ئەوەی ماڵیشمان تێکەڵ بە ڤایرۆسی حەرام نەبێت، مەنعی کردووین کە سوو و ڕیبا بخۆین‌و گرانفرۆشیی بکەین‌و سوێندی درۆ بخۆین.

٥ـ لە ڕوویەگی ترەوە بە گشتیی ئەبێت ئازاری کەس نەدەین، نە بەدەم، نە بە چاو، نە بە جەستە، نە بە دڵ، بۆیە بۆ هەموو ئەندامێکمان لە پاڵ فەرمانەکاندا هەندێ شتیشی قەدەغە کردووە.

**پوختەی ئاین:**

خۆشەویستم! ئەوەی وترا پوختەی ئاینە، ئیتر لە خۆتی ئاڵۆز مەکە، گوێ لە کەسانێك مەگرە کە لێتدەشێوێنن‌و دەیئالۆسکێنن. قسەی مرۆڤەکان بەڵگە نین لەسەرمان، سەرچاوەی بنەڕەتیی ئێمە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاکی پێغەمبەری سەروەرمانە (درودی خوای لەسەر)، بۆچوون‌و ڕاڤەی زانایان خزمەتی بە تێگەیشتن لە ئاین کردووە، بەڵام هەرکات بابەتێکت لا ڕوون نەبوو، بگەڕێرەوە بۆ قورئانی پیرۆزو سوننەتی دروست. بۆیە بە بێ بەڵگەی ناو ئەو سەرچاوانە، ناچار نیت هیچ شتێك وەربگریت، خۆ ئەگەر لە ڕووی

زانستییەوە لە بابەتێك تێنەگەیشتیت، ئەوە بچۆرە لای کەسێکی تێگەیشتوو لە ئاین، کە دوو مەرجی تێدان:

**یەکەم:** کەسێك کە ئەیناسیتو متمانەت بە ڕاستگۆیی هەیەو پێشتر تاقی کراوەتەوەو هەڵوێستەکانیت بینیوە، کە پابەندە بە ئاینەوەو هەرچی دەڵێت، خۆی جێبەکێی دەکاتو بە پاکیی‌و پایەداریی هێناویەتیی‌و ڕاستییەکان ناشارێتەوەو لە لۆمەی کەسیش ناترسێت.

**دووەم:** شارەزایە لە ڕۆحو کرۆکی شەریعەتو بە شێوەی گشتگیر لە ئیسلام تێگەیشتووەو ئاشنایە بە حەقیقەتی ئاینو مەبەستەکانی خوای گەورە لە ناردنی ئایندا.

دوای ئەوە کەسێکی وا وەڵامی پرسیارێکی دایتەوە، یان بابەتێکی بۆ ڕوون کردیتەوە، ئیتر ئەوەندە بە دوای بابەتەکەدا مەڕۆو پرسیاری زۆر مەکەو نەفەر مەگۆڕەو سەرئێشە بۆ خۆت دروست مەکە، چونکە لەوە زیاتر بەرپرس نیت.

## خەمێکی ئەو دونیات بخۆ!

بەڕێزەکەم! پاش ئەم ڕێنوێنییە، ئەم کۆتا سەرنجەش لە برات وەربگرە:

بەڕێزت دەبینیت ڕۆژانە چەندین کەس دونیا جێدێڵن‌و دەمرن، تۆ کە موسڵمانی دەبێت دڵنیا بیت کە لێپرسینەوەی دوا ڕۆژ هەیە. خوا خۆی لە چەندین ئایەتدا دووپاتی کردووەتەوە کە بە قەدەر

زەڕڕەیەك چاكەو خراپە لای خوا ون نابێت. جا كاتێك مرۆڤ دەمرێتو لە گۆڕدا ڕۆحی دەكرێتەوە بەبەردا، تا چارەنووسی خۆی پێ بڵێن، ئەو كاتە دەزانێت كە لەم دونیایەدا چی كردووەو چی نەكردووە، ئەو كاتە دەزانێت كە چی فریای دەكەوێو چی فریای ناكەوێت.

بەڕێزیشت دەزانیت كە لەو كاتەدا پەشیمانیی سوودی نیە، كەسێك لەم دونیایەدا توێشووی باشی هەڵنەگرتبێت، هەرچی هاوار بكات: خوایە! بمگێڕەوە با كاری چاك بكەمو فەرمانەكانت بەجێ بهێنم، پێی دەگوترێ: وسكوت بە! بێدەنگ بە! مەگەر پێشتر لە دونیادا ئەو هەموو ئایەتو فەرموودانەی خواو

پێغەمبەرت بۆ باس نەکرا، مەگەر پێغەمبەرانو بانگخوازان ئاگاداریان نەکردیتەوە لە مەترسیی ئەم ڕۆژە؟! ئێستاش پەشیمانی سوودی نیە، بڕۆ پاداشتی خۆت وەربگرە.

جا بەڕێزەکەم! باوا دابنێین ئەوا مردووینو لەو حاڵەداین، بۆچی هەر ئێستە بیرێك نەکەینەوەو خەمێکی خۆمان نەخۆین، لە کاتێکدا پابەندیی بە ئاینو فەرمایشتەکانی خواوە لە سوودی خۆمانە، لەم دونیادا بە خۆشییو ئاسودەییو سەربەرزیی دەژین، لەو دونیاش ڕووزەردی بەردەم خوا نابین.

هیوادارم ئەم چەند ئامۆژگارییە بە دیاری وەربگریتو بە جیددی بیریان لێ بکەیتەوە، چونکە پەیوەندییان بە چارەنووسی هەمیشەییتەوە هەیە.

خوای گەورەش هێندە بە سۆزو میهرەبانە، بە یەك تۆبەو پەشیمانیی لە هەموو گوناهەکانی ڕابردووت دەبورێت.

خوا یارمەتی تۆیشو ئێمەش بدات.

کۆتایی

